## ئاكامی هەڵبژاردن ،سەپاندنی هەمان چەوسانەوەی قومی یە بەسەر خەڵکی کوردستانداو دەبێت بایکۆتی بکەین...

خەڵكی ئازادیخوازی كوردستان...

ئەوەی بڕیارە لە 30 ئەم مانگەدا نماییش بكرێت بە ناوی ،هەڵبژاردن و مومارەسەی دیموكراسی لە عێراقدا، جگە لە سیناریۆیەكی گاڵتە ئامیز، بۆ ئەو كوشت و كوشتارەی ئەمریكا كە زیاتر لە دەیەیەكە لە عیراقدا بەرێی خستوە هیچی تر نی یە .

ئەگەر رژێمی بەعس و رژیمەكانی پیشوو تر لە عیراق دا بە دریژایی نزیک سەدەیەک مۆری پلە دوویان نابوو بەناوچەوانی خەڵكی كوردتسانەوە، بە بەهانەی كوردبونیانەوە جینۆ ساید دەكران، ئەوە ئەمرۆش لە سایەی سیاسەتەكانی ئەمریكا و حزبە ئیسلامی و قومی و تایەفی یەكانی هاوپەیمانی ئەمریكا تا دەكاتە حزبە قومی یە عەشیرەتیەكانی كورد هەمان مۆر دەلكێنن بە ناوچەوانی ئەم خەلكەوە.وە بەم سیاسەتەشیان هەمو خەڵكی عیراق بۆ ساڵەهای تر بە داتاشینی ئەم جیاوازیانە لە بەرانبەر یەكتر رادەگرن و ئاگری چەندین شەری تر خۆش دەكەن كە لەم نیوەدا ئەوەی قازانج دەكات تەنها ئەمریكاو هاوپەیمانەكانیتی و حزبە ئیسلامی و قومی و كونەپەرستەكانی ترە لە ئاستی عیراق و ناوچەكەو جهاندا بۆیە پیویستە ئەم شانۆ گەری هەڵبژرادنە بایكۆت و ریسوا بكرێت و روو بە رووی نارەزایەتی خەڵكی كوردسنانیش ببیتەوە.وە خەڵكی كوردستان چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە نەهێڵن حزبە قومی ـ عەشیرەتی یەكانی كوردستان جارێكی تر هەلپەرستانە پەنجە مۆریان وەر بگرن بە ناوی ئەوەی ئەم هەڵبژرادنە لە قازانجی خەڵكی كوردستاندایە.

خەڵكی ئازادیخوازی كوردستان:

تەنها 14 ساڵی رابردوو،و تاقی كردنەوەی دەسەڵاتی شەڕی ئەم حزبانەو شەرو شۆڕو بەكرێ گیراوی و دەست تێكەڵ كردنیان لەگەڵ ڕژیمە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە تا دەگاتە ڕژێمی بەعسی كۆڕبەگۆڕ كافی یە بۆ ئەوەی ئیتر خەڵک بەرژەوەندی خۆیان جیا كەنەوە لەگەڵ ئەم حزبانەدا.وە بە دروشمی ڕیفرادنۆوم و سەربەخۆیی بۆ كوردستان لە بەرانبەر ئەم گاڵتە جاری یەی هەڵبژاردن ڕاوەستن .

ئەمرۆ ڕێگای دروست و عادیلانە بۆ رزگاری خەڵكی كوردستان لە دەست ستەمی قومی و شەڕو كوشتاری ئەمریكا و هیزە كۆنەپەرستە ئیسلامی و قومی و پاشماوەكانی بەعس ،تەنها كۆبونەوەی خەڵكە لە دەوری دروشمی ریفرادنۆم و خواستی جیابونەوەی كوردستان و پێک هێنانی دەوڵەتێكی عەلمانی و مەدەنی لە كوردستاندا .

بە پێچەوانەوە ڕوو كردنە سندوقەكانی هەڵبژرادن ،دەنگ دانە بۆ حكومەتێک كە هەر لە ئێستاوە ناوەرۆكی كۆنەپەرستانەی دیارە لە عیراقدا.وە بەردەوام بوونی هەمان چەوسانەوەی قومی و كوشت و كوشتاری خەڵكی كوردستان بە تایبەتی و عیراق بە گشتی یە .

ڕیسوا بێت سیناریۆیی هەڵبژاردنی گاڵتەجارانە....

بێتەدی خواستی ڕیفراندۆ م و جیابونەوەی كوردستان..

نوێنەرایەتی كەمپیەنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان لە ئوسترالیا

كۆتایی جەنیوەری 2005